کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15-9-2007 23:15بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مەسعود بارزانی ... محمد سیاسی ئەشکەنەیی**

بەرێز سەرۆك مەسعود بارزانی من کە ئەم نامەیەت بۆ ئەنووسم دیارە من لەساڵی (1985) وە بومە پێشمەرگە تاکو ساڵی (2005) بی دابڕان، کە پێشمەرگایەتیشم کرد نەبۆ دەوڵەمەندی و نەبۆ دروستکردنی ڤێللا و نەبۆ ئەوەشم بوو تاکو بیکەمە منەت و لای ئێوە بیڵێم من پێشمەرگەی شاخ بووم، ئەوە ئەرك بووە لەسەرم کە ئەرکی هەموو تاکێکی کوردی بووە خەبات بکات بۆ ئەوەی ئەم ڕۆژە ئازادە سەقامگیر بی، کە لەئەنجامی پێشمەرگایەتیشمدا دوجار بریندار بوم پێش ڕاپەرین، چەندین پلەی سەربازی پێشمەرگایەتیم برین تاکو دوا پلە خانەنشین کرام بە پلەی (فەرماندەی فەرماندەیی) بەڵام بەهۆی تۆمەتبارکردنم بەتاوانی پاراستنی پارتی و ئیتلاعاتی ئێران لەلایەن ئاسایشی یەکێتی و دەزگای زانیاریەوە ماوەی پێنج مانگ و بیست و پێنج ڕۆژ گیرام وجیا لەوەی ئازاری دەرونی وجەستەیان دام کە دواتر ئەو ماوە زۆرە حجز بووم بی دادگا ئیترلەلایەن پاڵپشتی ڕۆژنامەکان و سایتە ئەلکترۆنیەکان و ماڵپەرەکانی ئینتەرنێت بۆمن، لەلایەن کۆمەڵەی بەرگری لەرۆژنامەوانانی کوردستان و ئەمنیەتی ئینتەرناسیۆ ناڵ و ناوەندی چاك و وڵاتانی ئەمریکاو بەریتانیاو دەوڵەتە ئەسکەندەناڤیەکانەوە داوا کرا کە ئاسایشی سلێمانی یان من بدات بەدادگا یان کتابەکەم بنێری بۆ دادگا ئیتر ئەوانیش بەهۆی ئەو بەرێزانەوە منیان دا بە دادگاو دادگا ئیفراجی کردم، دوای ئەو هەموو ماوە زۆرە پێم وترا تۆ بێتاوانی هیچ بەڵگەیەکت بەسەر دا ساغ نەبۆتەوە بۆیە بەبڕیاری دادگا ئازاد کراوی ئیتر کە من نە قەرەبوویان کردمەوەو نە داوای لێ بوردنیان لێم کرد چونکە یاسا سەروەر نیە لەم وڵاتە دا، کە حەوت ملیۆن دیناریش قەرزدار بومەوە لەسەر زیندانیەکەم و جگە لە ڕوشاندنی سومعەم و جیا لەوەش توشی نەخۆشی دەرونی و بێزاری بوم لە ژیانی کوردستان، ئەوە بەهەر حاڵ کەچی دوای ئازاد کردنم کە چەند لیدوانێکی ڕۆژنامەوانیم دا تاکو خەڵك بزانن من بی تاوانم لەلایەن ڕۆژنامەکانی (جەماوەر، کوردستان ڕاپۆرت، هەواڵ، چاودێر، پێگە، پرووشە، ڕێبازی ئازادی، گۆڤاری ستاندار) چاوپێکەوتنم لەگەڵ کرا ئیتر دوای ئەم لیدوانانە بەبڕیارێکی بە پەلەی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی و دەزگای ئاسایش و زانیاری من لەریزەکانی یەکێتی دەرکرام و نانیان بریم و دوای ئەوەش لەلایەن ئاسایش و دەزگای زانیاریەوە چاودێریم خرایە سەر و منیش هەستم بەو ئیهانەیە گەورەیە دەکرد بۆیە بەناچاری شاری ڕانیەم جی هێشت و ماڵم هێنایە هەولێر کە خاوەنی دوومناڵم و خێزاندارم ئێستا مەبلەغی (300) هەزار دینار کری خانوو ئەدەم جگە لەپارەی کارەباو ئاوکرین، کە هیچ موچەیەکیشم لەم وڵاتەی بەسیانزە ساڵی بۆی خەباتم کرد نیە بەقسەی جاشەکان و نەیێر مەتەقەدیمەکانی دوێنی ی بەعس نانیان بریم و ئێستا دەیانەوی بشم کوژن، چونکە بەرێزتان سەرۆکی هەرێمی کوردستانن ئێمەش لەکاتی هەر لێقەومانێك ئەبی پەنا بۆ تۆ ببەین بۆیە داواکارم لەبەرێزتان کە دەرگای سۆزمان بۆ بکەنەوەو بەبەرێزتان شادببین و بەرێزتان ببینین تکایە وەڵامێك

لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا

ژمارەی مۆبایل / 07301180602
(ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کورستان و نێودەوڵەتی)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.